بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقـــایعی کـــوردستان

رۆژنـامـەی رەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمـارە (٦٦) ساڵی حەوتەم ٢٣/ ٤ /٢٠٠٧ ی (٤) ی گوڵان ٢٧٠٧ ی کوردی (٦)ی ربیع الاول ١٤٢٨ ی کۆچی

66

## لەم ژمـارەیـەدا :

* **یاسای ژمارە( ١٨ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ١

یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

* **یاسای ژمارە( ١٩ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ٦

یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

* **یاسای ژمارە( ٢٠ )ی ساڵی ٢٠٠٦** ل ١١

یـاسای وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

* **بەیان وەزارەتی داد** ل ١٥

کـردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانووبەرە لە شارۆچکەی عــەربەت.

* **بەیان وەزارەتی داد** ل ١٦

کـردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمـارگای خانووبەرە لە شارۆچکەی راپــەرین.

* **ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی کشتوکاڵ** ل ١٧

تایبەت بە مۆلەتـدانی بـــاخی مـــێوە.

* **ڕێنمایی ژمارە( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی کشتوکاڵ** ل ١٩

تایبەت بە مۆلەتـدانی نـــەمـامـگە.

* **بەیانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ** ل ٢١

پچراندنی هەردوو گوندی ﴿ گوێزان و دارالســلام ﴾ لە سنوری ناحیەی سمێـلان و بەستنەوەیان بە سنووری ناحیەی گـەلالـە .

http://dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشـان: هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد

بـگۆڕ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

**العدد (٦٦) السنة السابعة ٢٣/٤/ ٢٠٠٧م (٤) گولآن ٢٧٠٦ ك (٦) ربيع الاول ١٤٢٨ هـ**

**في هذا العدد :**

✳ **قانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٦** ص ٢٢

قانون وزارة الإعمار والإسكان لإقليم كوردستان ـ العراق

✳ **قانون رقم (١٩ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٢٧

قانون وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان

✳ **قانون رقم (٢٠ ) لسنة ٢٠٠٦** ص ٣٠

قانون وزارة السياحة في أقليم كوردستان ـ العراق

http://dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

اربيل – وزارة العدل بدالة (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن
## لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

بە پێی ئەو دەسەلآتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی (٢٠٠٦/١٢/١٩) ی خۆیدا کردویەتی بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە( ١٨ )ی ساڵی ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن
# لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتا دیاری کراوەکانی بەرامبەریانە بۆ پێداویستی ئەم یاسایە:–

**یەکەم / هەرێم** : هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**دووەم / ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**سێیەم / وەزارەت** : وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن.

**چوارەم / وەزیر** : وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن.

**پێنجەم / بریکار** : بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## - ئەرك و فرمانى وەزارەت -

**ماددەى دووەم :**

وەزارەت ئەم ئەرك وفەرمانانەى خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:-

**يەكەم:** پێشنيازكردنى پلانە گشتيەكان بۆ سياسەتى ئاوەدانكردنەوە و نيشتەجێ كردنى هەرێم لە بوارەكانى نيشتەجێ كردن و خانووبەرە و ڕێگەوبان لەوانەش (ڕێگەى هاتوچۆى خێرا)و پرد و تونێل و فرگە و هێلى ئاسنى بۆ چارەسەركردنى قەيرانى نيشتەجێيى و دروست كردنى تۆڕى ڕێگەوبانى نوێ بە هەمووجۆرەكانى و پاشكۆكانييەوە.

**دووەم:** هەڵستان بە توێژينەوەى تايبەت لە ناو بوارى كەرتى وەزارەت دا و لێكۆلينەوە لە جەدواى تەكنيكى و ئابورى ئەو پرۆژانەى كە لەناو پلانى وەزارەت دا پێشنياز دەكرێن.

**سێيەم:** دانانى نەخشە و بەرنامەى كار بۆ پلانە پەسندكراوەكانى ئەو پرۆژانەى كە دراونەتە دەست و وێراى جێبەجێكردنى ئەو پرۆژانەش كە پەيوەستن بە جێبەجێكردنێكى ڕاستەوخۆ لەلايەن پێكهاتەكانى وەزارەتەوە يان ئەوەتا بۆ بەلێندەر يان ڕاوێژپێكراوەكان ڕەوانە بكرێن.

**چوارەم:** بەشدارى لە ئامادەكارى خەسڵەتە تەكنيكيەكان دا بە پێى بارودۆخى هەرێم.

**پێنجەم:** جێبەجێ كردنى سياسەتى بڕيار لەسەر دراوى وەزارەت و پێشنيازكردنى پلانى (ساڵانە و قۆناغبەندى و دوورخايەن)ى پێويست بۆ جێبەجێ كردنيان.

**شەشەم:** جێبەجێ كردنى ئەو پرۆژانەى لە لايەنانى ديەوە لە ڕێگەى پێكهاتەكانى جێبەجێ كردن و نەخشەسازى وەزارەتەوە يان لە ڕێگەى كۆمپانيا تايبەتمەنديەكان لە كەرتى تايبەتدا پێى سپێردراوە.

**حەوتەم:** هەڵستان بە پاراستنى ڕێگە و بانە گشتى يەكان لەوانەش ڕێگەكانى هاتوچۆى خێرا كە دەكەونە دەرەوەى سنورى شارەوانيەكان و پاراستنى و بەگەڕخستنى پردەكان و ويستگە تەوەرييەكانى قەپان و بازگەكان وێراى دانانى كەلوپەلەكانيان و پارێزگاريش لە ڕۆخوچۆنى ڕێگەوبان بە پێى ياساى ڕۆخ و چانە قەدەغەكراوى(محرمات) ڕێگەوبانەكان.

**هەشتەم:** هەڵستان بە تاوتوێ كردن و هەڵسەنگاندنى پلانە تايبەتەكانى وەبەرهێنەران سەبارەت بە ئاوەدانكردنەوە ونيشتەجێ كردن لە هەرێم لە نێو تايبەتمەنديتى وەزارەت دا.

ئـــــــەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**نۆيەم:** بايەخدان بە پەرەپێدان و ئاوەدان كردنەوەى دێهاتەكانى كوردستان .

# پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم :**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت :

**یەکەم** ـ **وەزیر:** خۆی سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیشە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتکاری و چاودێری بە سەرییەوە، بەپێی حوکمەکانی یاساش هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی لە هەرشتێکدا کە پەیوەندیدار بێت بە ئەرکوفەرمانی وەزارەت و پێکهاتەو دەستڕۆییەکانی و سەرجەم کاروبارە تەکنیکی و دارایی و کارگێری و ڕێکخستنەکانیەوە، لەوەوە دەردەچن و بە سەرپەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن، بەرپرسیاریش دەبێ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران، بەو پێیەی ئەندامێکی هاوکارە تیایدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەستڕۆییەکانی خۆی بدات بە بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرەگشتیەکان یانیش ئەوەی بە شیاوی بزانێ لە وەزارەت دا.

**دووەم** ـ

١– بریکاری وەزارەت بۆ ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

٢– بریکاری وەزارەت بۆ ڕێگەو بان.

لە ئاراستە کردن و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی وەزارەت دا یاریدەی وەزیر دەدەن

لەچوارچێوەی تایبەتکاری و ئەو دەستڕۆییانەی کە وەزیر پێیان دەسپێرێ بە مەرجێ بڕوانامەی سەرەتای زانکۆو پسپۆڕیان بەدەستهێنابێ.

**سێیەم** ـ **نوسینگەی وەزیر:** کارمەندێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت وژمارەیەك لە کارمەندانیش هاوکاری دەکەن.

**چوارەم** ـ نوسینگەی بریکاری وەزارەت: کارمەندێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت وژمارەیەك لە کارمەندانیش هاوکاری دەکەن.

**پێنجەم** ـ ڕاوێژکاران: ژمارەیان نابێ لە چوار زێتر بێت ودەبێ لە هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بن ولە شارەزایانیش بن ونابێ ماوەی کارکردنیان لە دەساڵ کەمتر بێت.

**شەشەم** ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری کارگێری ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا کە بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆی بەدەست هێنابێ وشارەزا بێ وماوەی کارکردنی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتەم** ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەکنیکی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا کە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆی بە دەست هێنابێ وشارەزابێ وماوەی کارکردنی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**هەشتەم** ـ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن لە پارێزگاکانی هەرێم دا هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا وبەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی پسپۆری سەرەتای زانکۆی بەدەست هێنابێ و شارەزاش بێ و سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی نیشتەجێ کردن وخانووبەرە و ڕێگەوبانەکان دەکا لە پارێزگادا و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕێگەوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن لە سنوری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانەش پێوە دەبەسترێتەوە.

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم** ـ وەزارەتێك ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێ کە پێك دێت لە:ـ

١. وەزیر/ بەسەرۆك.
٢. بریکاری وەزیر/ بەئەندام لەکاتی دیار نەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکا.
٣. ڕاوێژکارانی وەزارەت/ ئەندامن.
٤. بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت/ ئەندامن.
٥. هەرشارەزایەکی پسپۆر لە ناوەوەی وەزارەت ودەرەوەیدا وەزیر بە شایستەی بزانێ دایدەنێ.

**دووەم** ـ ئەنجومەن پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری و ڕاسپاردەکانی بۆ وەزیر دەگرێتە ئەستۆ ئەگەر پەسندی کرد ئەوا دەبێتە بڕیاری وەزاری.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم** ـ بە پێڕەو ئەرك وفرمان و تایبەتکاری و پێکهاتەکانی وەزارەت دیار دەکرێن.

**دووەم** ـ وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێداویستیەکانی کارەکەی لە کاتی پێویست هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یان هۆبەك بکاتەوە یان یەکیانبخات یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی ویاسایی لە شارەزایانی پسپۆر لە ناوەوەی هەرێم یان لە دەرەوەیدا بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرك وفەرمانانەی کە پێیان دەسپێردرێ بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دادەنێ ببەستێ، ئەویش لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

دا، ودوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ماف وپابەندیەكانیان لە لایەن وەزیرەوە دیار دەكرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن كە لە ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق دەرچووە ویاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٤٢ لە ١٩٩٩/٩/٤ كەلە ئیدارەی سلێمانیەوە دەرچووە هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێگەیان دەگرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنماگەلێكی دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی نۆیەم:**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێت لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكانە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە هەر لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەكرێ ولە ڕۆژنامەی فـەرمی (**وەقــائعی كوردسـتان**) بلاّودەكرێتەوە.

**مسعود بـارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عیراق**

**هــــــەولێر**

٧ / بەفرانبار / ٢٧٠٦ ی كوردی .

٢٨ / ١٢ /٢٠٠٦ ی زایینی.

٨ / ذو الحجة / ١٤٢٧ ی كۆچی.

**- هۆكارەكانی دانانی ئەم یاسایە –**

بۆ ئەوەی باشترین خزمەت پێشكەش بكرێت بۆ ئاوەدانكردنەوەی هەرێم، لەبوارەكانی نیشتەجێ كردن و بینایەو ڕێگاوبان و پرد و تونێل و فڕۆكەخانە و هێلی شەمەندەفەرداو، بە ئامـانجی زۆركردنـی بەرهەم و زیادكردنی پێزی بەرهەمهێنان و بەرزكردنەوەی ئاستی كارامـەیی و وەدیهێنـانی پڕبەپێـستی بەكارخستن (الاستخدام الامثل) لە داهاتی ئابووری و بەشەریداو، بۆ ئەوەش كە ئەڵقە ناپێویـستەكانی نێوان وەزارەت و پێكهاتەكانی لە وەرگرتنی بڕیاردا لابرێن و، پلانـی كـار دابنـرێ و چـاودێری بكـرێ، بۆیە، ئەم یاسایە دانرا.

www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێمی كوردستان ـ عێراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی ڕۆژی (٢٧/١٢/٢٠٠٦) ی خۆیدا كردویەتی بریارماندا بە دەركردنی:

# یاسای ژمارە( ٢٠ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی گەشت و گوزاری هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناكانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:**

**یەكەم: هەرێم** : هەرێمی كوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێم.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری گەشت و گوزاری هەرێم.

**چوارەم: بریكاری وەزارەت** : بریكاری وەزارەتی گەشت وگوزار.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی ڕاوێژكاریی وەزارەتی گەشت وگوزار.

**شەشەم: مەبەستی گەشت و گوزاری**: مەبەست لە حەوانە( الراحە) و بووژانەوە( الاستجمام) و وەرزش و مەلەوانی و ڕابواردن و ڕاوكردن و بینینی هەواری مێژوویی وئاسەوارو دیمەنی سروشتی و پارك و سەیرانگا و كڕینی پێداویستی شەخسی و چالاكیی دیكەی خەمڕەوێن و هەر مەبەستێكی دیكە كە گەشتیاران ڕابكێشێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتەم**: جێگەی گەشت و گوزار: هەر جێگەیەکە، مەبەستی گەشت وگوزاری تێدا بەجێ بێ وەك ئۆتێل و خواردنگە و گازینۆ و شوێنی بووژانەوە (المنتجعات) و خێوەتگاو شوێنی دیکەی بۆ مەبەستی گەشت و گوزار ئامادە کرابێ.

**هەشتەم**: ناوچەی گەشت و گوزار: هەر ناوچەیەك دەگرێتەوە کە بۆ چالاکی گەشت وگوزار لەباربێ و مەبەستی گەشت وگوزاریی بۆ فەراهەم کرابێ یان بۆ گەشت وگوزار لەبار بێت.

## - ئەرك وفرمانەكانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەرکی پلاندانان و بەدواداچوونی بزووتنەوەی گەشت وگوزاری ناوچەکانی هاوینە هەوار لە چوارچێوەی پلانی گشتی گەشت وگوزار لە هەرێم دا جێ بەجێ دەکات و ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەگرێتەبەر:—

**یەکەم**:بەهاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا ووزەی گەشت وگوزارو سەرچاوە سروشتیەکان و ناوچە ئاسەواری و مێژوویی و مەزارگەی ئایینی وەبەردێنێ بەجۆرێکی وا کە خزمەتی مەبەستی گەشت وگوزاری بکەن و پەرەیان پێ بدرێ.

**دووەم**: هاندانی بنیات نانی شارو کۆمەڵگای گەشت و گوزاری و جێگای بووژانەوە و ئۆتێل و خانووی گەشت و گوزاری.

**سێیەم**: دروستکردن و بەکرێدان و بەکرێگرتنی خواردنگە و گازینۆ و چایخانە و جێگای ڕابواردن و سەیرانگا و مەلەوانگەی دەستکرد و سروشتی وشوێنی بەفرەخلیسکێ و هی دی.

**چوارەم**: هاوکاری کردن لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان و بەپێی توانا ڕەخساندنی هەموو جۆرە ئاسانکاری یەك بۆیان لە پێناوی خولقاندنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی گەشت و گوزاری.

**پێنجەم**: ڕەزامەندیی دەربڕین لەسەر پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاو نووسینگەو بریکارەکانی سەفەرو گەشت و گوزاری ناوخۆو هاندانی سەفەری گەشت و گوزاری.

**شەشەم**: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پێویستی پارە گۆڕینەوە لەناوچەو دەزگا گەشت و گوزارییەکاندا بەهاوئاهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

**حەوتەم**: ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەو کۆمپانیا و تاکەتاکەی خەڵکیشدا لەناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا و ئەمەش وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێدەوێ.

ئـــــەرشـیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هەشتەم**: هاوئاهەنگی كردن لەگەڵ وەزارەتەكان و لایەنی پەیوەندیدار لە بوارەكانی گەشت و گوزاری دا.

**نۆیـــەم**: هاوكاری و هاوئاهەنگی كردن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم دا بۆ ڕاكێشانی وەبەرهێنەر بۆ ناو هەرێم لە چوارچێوەی پلان و ئەو یاسایانەی بۆ ئەم مەبەستە دەرچووێنراون.

## - پێكهاتەی وەزارەت -

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم**: **وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێت:ـ**

**أ- وەزیر**: سـەرۆكی بـاڵاو بەرپرسـی ئیشوكاری ئاراسـتەكردنی سیاسـەتی وەزارەتەكەیـە و سەرپەرشتی و چاودێرییان دەكات و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەكیش كـە پەیوەنـدی بە ئەرك وفرمـان وپێكهاتـەو دەسـتەڵات وكاروبـاری دیكـەی هونـەری ودارایـی و كـارگێڕی ورێكخستنی وەزارەتەكەوە هەبێ، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچـن وخۆی سەرپەرشـتیان دەكـات و بەرپرسیـشە لـە بـەردەم ئەنجومـەنی وەزیرانـدا، چـونكە خۆی ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیەو بـۆی هەیـە هەنـدێ لـە دەسـتەڵاتەكانی خـۆی بدات بە بریكاری وەزارەتەكەی یان بە بەڕێوەبەرەگشتییەكان یاخود بەهەر فەرمانبەرێكی وەزارەتەكەی كە خۆی بەشیاوی بزانێ.

**ب- بریكاری وەزارەت**: لەچوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی كە پێی دەسپێردرێ لەئاراستەكردن و سەرپەرشـتی كردنـی كاروبـاری وەزارەتەكـەدا، یاریـدەی وەزیـر دەدات و مەرجیـشە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ.

**ج- نووسـینگەی وەزیـر**: فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی بەرایی زانكۆی هەبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**د- نووسـینگەی بریكـاری وەزارەت**: فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**هـ- ڕاوێژكاران**: ژمارەیان لە چوار ڕاوێژكار زیاتر نابێ، مەرجیشە بڕوانامەی بەرایی زانكۆیـان هەبێ و خاوەن ئەزموون و كارامەیی بن.

**و- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كارگێڕیی و دارایی**: بەرێوەبەرێكی گشتی سـەرۆكایەتی دەكـات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیی بێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

ز– **بەڕێوەبەرايەتيى گشتيى شوێنەوارەكان:** بەڕێوەبەرێكى گشتى خاوەن بڕوانامەی بـەرايى زانكۆ سەرۆكايەتى دەكات و بەڕێوەی دەبات، بە مەرجێك خاوەن شارەزايى و پسپۆڕيى بێ.

**دووەم:** لەهەر پارێزگايەك لە پارێزگاكـانى هـەرێم بەڕێوەبەرايەتييـەكى گشتى بـۆ گەشـت و گـوزار دادەمەزرێ و بەڕێوەبەرێكى گشتى خاوەن بڕوانامەی بەرايى زانكۆ سەرۆكايەتى دەكـات و بەڕێوەی دەبات بەمەرجێك خاوەن شارەزايى و پسپۆڕى بێ لەو بوارەدا.

**سێيەم:**

أ– ئەنجومەنى ڕاوێژكاريى وەزارەت پێكدێت لە:–

١– **وەزير:** سەرۆكە.

٢– **بريكارى وەزارەت:** ئەندامە و لەكاتى ئامادە نەبوونى وەزيـر سـەرۆكايەتى ئەنجومەنەكـە دەكات.

٣ـ **بەڕێوەبەرە گشتييەكان** : ئەندامن.

٤ـ **ڕاوێژكارو شارەزايان:** نابێ ژمارەيان لە سێ كەس زياتر بێ: ئەندامن. بەمـەرجێك خـاوەن بڕوانامەی بەرايى زانكۆ بن و شارەزايى و پسپۆڕييان هەبێ.

ب ـ ئەنجومەن لەسەر داواكردنى وەزير و لە كاتى پێويستدا كۆ دەبێتەوە.

ج ـ ئەنجومەن ڕاسپاردەكانى پێشكەش بە وەزير دەكات و ئەگـەر پەسـند كـرا شـێوەی بڕيـارى وەزارى وەردەگرێ.

## ماددەی چوارەم:

**يەكــەم:** بـە پێڕەوێكـى تايبـەتى كاروتايبـەت مەنـدى يـەكانى پێكهاتـەی وەزارەت دەستنيـشان دەكرێ.

**دووەم:** وەزير بۆی هەيە هەريەك لەو بەڕێوەبەرايەتيانە يان بەشەكان يان هۆبەكانى نێو پێكهاتـەی وەزارەت بـەپێى پێويـستى كارەكانيـان دامـەزرێنێ يـان لێكيـان بـدات يـان هـەڵيان وەشێنێتەوە.

## ماددەی پێنجەم:

**يەكەم:** ياساى دەزگاى گشتى گەشت و گوزارى هەرێمى كوردستان ژمـارە(٣٩)ی سـاڵى ٢٠٠٤ كـە لە ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان ـ عێراق دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** هەموو ماف و ئيمتيازێكى دەزگاى گشتى گەشت و گوزار لـە هـەردوو ئيـدارەی سـلێمانى و هەولێر دەدرێن بە وەزارەتى گەشت و گوزار لە هەرێمدا.

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەی وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆ ی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی کردن لە جێبـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونی کاری پـێ دەکـرێ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـائیعی کوردسـتان) بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

هـــــەولێر

١٤/بەفرانبار/٢٧٠٦ ی کوردی

٢٠٠٧/٠١/٠٤ ی زایینی

١٤/ذو الحجة / ١٤٢٧ ی کۆچی

## هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق سروشتێکی گەشت و گوزاریی لـە ڕووی هاوینەهـەوار و شوێنی گەشت و گوزار و جێگەی ئاسەوار و مەزارگەی ئـاییني هەیـە و گەشـت و گـوزاریش گرنگیـەکی زۆری هەیە، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکی یە لە سەرچاوەکانی سامانی نیشتمانی و هۆیەکی کارایە بۆ ناساندنی کەلەپوور و شارەستانیەتی گەلی کوردستان بە جیهان و لە پێنـاوی هانـدانی بزوتنـەوەی گەشت و گوزاری و راکێشانی گەشتیاران لە رێگەی شوێنە گەشت و گوزاری یە تـازەو هاوچـەرخەکانی و بۆ دامەزرانـدنی وەزارەتێـك لـە هەرێمدا بـۆ بـەدیهێنانی ئـەرك و ئامانجـەکانی و بـۆ روونکردنـەوەی پێکهاتەو دەستەلاّتەکانی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بڕیاری ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی رۆژی (٢٠٠٦/١٢/٢٧) ی خۆیدا کردویەتی بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە( ١٩ )ی ساڵی ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم .

**پێنجەم: ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان:** هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە تووشی تواندنەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی بەعەرەب کردن و ڕاگوێزانی بەزۆرە ملێ وگۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی بوون و بەوهۆیانەوە لە کوردستان دابڕێنراون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## ئەرك وفرمانەكانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرك و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكەم:** كاركردن لە پێناوی دووبارە بەستنەوەی ئەو ناوچانەی لەكوردستان دابڕێنراون بـە هـەرێم لەڕێگەی هاریكاری كردن لەگەڵ حكومـەتی عێراقـی فیـدراڵ بـۆ پیـادەكردنی حوكمـەكانی ماددە(١٤٠)ی دەستووری فیدراڵ.

**دووەم:** هاوئاهەنگی كردن لەگەڵ دەستەڵاتی فیدراڵی لەهەموو كارێكی پەیوەست بە دابـین كردنـی مافەكانی گەلی كوردستان بۆ نەخشە كێشانەوەی سنووری كارگێڕی هەرێم.

**سێیەم:** هاوئاهـەنگی وهاریكـاری كـردن لەگـەڵ هەرێمـەكان و ئـەو پارێزگایانـەی نەچـوونەتە نێـو هەرێمەكانی تری عێراقی فیدراڵ لەو بوارانەی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانیان دەكات.

**چوارەم:** هاندان وپەرەپێدانی پەیوەندییە رۆشنبیریی و كۆمەڵایەتیە گەشـە پێدراوەكان لـە نێـوان هەرێم و هەرێمەكانی ترو ئەو پارێزگایانەی نەچوونەتە پاڵ هەرێمەكان.

**پێنجەم:** رێكخستن و بەدواداچوونی كاروباری كۆچ پێ كراو و ڕاگوێزراوەكان.

**شەشەم:** كاركردن و هاوكاری كردن لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ ئاوەدانكردنەوە وپەرەپێدانی ناوچە دابڕێنراوەكان لەهـەرێم و بەدواداچـوونی جێبـەجێكردنی پـرۆژە خزمەتگوزاریـەكان لەو ناوچانەدا.

## – پێكهاتەی وەزارەت –

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم: وەزیر:** سەرۆكی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لـە بـەڕێوەبردنی كارەكانیـدا و سەرپـەرشـتی و چاودێری كردنی چالاكییەكانی و لەوەوە ئـەو بڕیـارو فـەرمان و رێنماییانـە دەردەچـن كـە پەیوەنـدییان بـە ئەركـەكانی وەزارەت و پێكهاتـەكانی و دەسـتەڵات و هـەموو كاروبـارە هونەری و كارگێڕیی و رێكوپێكی بەپێی حوكمـەكانی یاسـا هەیـەو لەبـەردەم ئەنجومـەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا.

**دووەم:بریكـــاری وەزارەت:** یارمـــەتی وەزیـــر دەدات لـــە ئاراســـتەكردنی كاروبـــاری وەزارەت وسەرپەرشتی كردنی كارەكانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتەی لەلایـەن وەزیـرەوە پێـی دەدرێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەپلەی بەڕێوەبەر کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەپلەی بەڕێوەبەر کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژکاران:** ژمارەیان لە چوار راوێژکار زیاتر نابێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن و شارەزایی و کارامەییان هەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە پێکدێت:

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێری و دارایی.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری دەرکراو و راگوێزراوان.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیوەندییەکان و هاوئاهەنگی.

**چوارەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان لە هەرێم.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەرك و تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەوێکی تایبەتی دەستنیشان دەکرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێویستی کاری وەزارەت هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان یان بەشەکان یان هۆبەکان دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یا هەڵیان وەشێنێتەوە.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنیەوە کاری پێدەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

هـــەولێر

١٤/بەفرانبار/٢٧٠٦ ی کوردی

٢٠٠٧/٠١/٠٤ ی زایینی

١٤/ذو الحجة / ١٤٢٧ ی کۆچی

ئــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## -هۆكارەكانى دانانى ئەم ياسايە -

لەبەر ئەوەی رژێمی پێشوو گەلێك ناوچەی لە سنووری كارگێڕیی كوردستان دابڕاندووە و بەبێ هیچ بنەمایەكی یاسایی پێناسەكەی گۆڕیون و دەستووری كۆماری عێراقی فیدراڵیش چارەسەركردنی ئەم بابەتەی دەستەبەر كردووە و مافی گەلی كوردستانی بەسەر ئەو خاكە دابڕێنراوانەی دابین كردووە و ئەوەش وا پێویست دەكات دەستەڵاتی جێبەجێ كردن لە حكومەتی فیدراڵ هەموو هەنگاوێكی پێویست بهاوێت بۆ جێبەجێكردنی پێویستییەكانی ماددەی (١٤٠)لە دەستووری فیدراڵی، چونكە ئەو بەرپرسیارییەش كەوتۆتە ئەستۆی دەستەڵاتی جێبەجێكردن كە لەماددەی ناوبراودا هاتووە، وا دەخوازێ بەتەواوی ئەم كارە جێبەجێ بكات كە (بەئاسایی كردنەوەی بارودۆخەكە و سەرژمێریی و بە ریفراندۆم لەكەركوك و ناوچە دابڕێنراوەكانی دیكە كۆتایی بێت)، بۆ دەستنیشان كردنی ویست و ئیرادەی هاووڵاتیانیان لەماوەیەكدا ئەوپەڕی رۆژی سی و یەكی مانگی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٧ بێت. لەبەر ئەوەی بەرنامەی حكومەتی فیدراڵ نەخشەی رێگای چارەسەركردنی كێشەكانی پەیوەندیدار بەكاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی داناوە و بەمەبەستی دابین كردنی مافی هەرێمی كوردستان بەسەر خاكی خۆی و گەڕاندنەوەی ئەو ناوچە دابڕێنراوانەی لەدەرەوەی ئەو سنوورەن، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

ئــــەرشيفى رۆژنامەی وەقايعى كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان

ژمارە : ٤٣٦/٣
ڕێکەوت : ٢٠٠٧/٤/٣

# بەیان

لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پالپشت بەو دەسەلاتەی بە پێی بگە (٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢ی سالی ١٩٩٢) ی هەموار کراو پیمان دراوە بریارمان دا بە

﴿ کــردنــەوەی تـێبیـنەرایــەتــی تـۆمـارگــای خـانـووبـەرە لـــە شــارۆچـکـەی عــەربــەت ﴾.

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیـــــری داد**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی داد**

**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**

**بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان**

**ژمارە : ٤٣٥/٣ )**

**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣ )**

# بەیان

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەلاتەی بە پێی برگە (٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢ ی ساڵی ١٩٩٢) ی هەموار کراو پیمان دراوە بریارمان دا بە

**﴿ کـردنـەوەی تێبیـنەرایـەتـی تـۆمـارگای خـانـووبـەرە لـە شـارۆچـکـەی ڕاپـــەریـــن ﴾.**

**فاروق جمیل صـادق**

**وەزیـــــری داد**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی کشتوکاڵ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمــــارە: ٣٢٠٤/١**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧
## تایبەت بە مۆڵەتدانی باخی مێوە

## ﴿ ڕێنمایی بۆ مۆڵەتدانی باخ ﴾

بەمەبەستی هاندانی جوتیارانی کوردستان و خاوەن زەوی کشتوکاڵی بۆ دروست کردنی باخ و پەرەپێدانی ئەم کەرتە گرنگە لە کشتوکال و پشت بە بریاری ژمارە (٦٠٤) ی سالی ١٩٧٠ تایبەت بە دابەشکردنی زەوی و گرێ بەست ، بریارمان دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایانەی خوارەوە بۆ مۆلەت پیێ دانی دروست کردنی باخی مێوە :

١. پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بە ڕێگای لقی ڕەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەکە، ئینجا بەرز بکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ڕەزگەری ودارستان وپاوان لە پارێزگا کە دەست دەکرێت بە هەنگاوەکانی مۆلەت دان.
٢. مۆلەت دان بە دروست کردنی باخ لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت کە مافی بە کارهێنانی هاوولاتیانی لەسەرە ، وە ئەگەر زەویەکی (مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێکدا، ئەوا پێویستە ڕەزامەندی هەموو هاوبەشەکانی لە سەر هەبێت. یان خاوەن داواکار گرێ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مەرجە زەویەکە سەرچاوەی ئاوی هەبێت ئەگەر مەبەست لە دروست کردنی باخی بەراو بێت.
٤. بۆ دانی مۆلەتی باخ پێویستە ڕەزامەندی زەوی وزار و فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا و شوێنەوار وەربگرێت.
٥. لە بەرێوەبەرایەتەکانی ڕەزگەری و دارستان و پاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام ، دوانیان شارەزا لە بواری ڕەزگەری و سێ هەمیان پێوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە باخەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت. و هەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆردرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. بۆ مۆڵەت دان پێویستە لیژنەکە گشت کاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشکنینی زەویەکە و وەرگرتنی رەزامەندی فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا و رێگاوبان و شوێنەوار وەربگرێت وهەر کارێکی تر کە پێویست بێت.

٧. ئەم مۆڵەتە سالانە نویَ دەکریتەوە.

٨. پێویستە داواکار پەیوەست بێت بەو رێنماییە هونەریانەی لە فەرمانگەی پەیوەندارەوە دەردەچێت.

٩. مۆڵەت دەدرێت بۆ دروست کردنی باخ بە مەرجێك زەویەکە لە (٥) دۆنم کەمتر نەبێت.

١٠. رەسمی پشکنینی زەوی وبەخشینی مۆڵەت و نویَ کردنەوەی، بە پیَ ی رێماییەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

١١. داواکار گریَ بەستی نویَ یان (سند ملکیە) ی نویَ پیشکەش بکات وە ئەگەر زەویەکە بە بریاری دابەش بوون بوو دەبیَ بریارەکە پەسند کرابێت.

١٢. رێکخستنی نەخشەك بۆ باخەکە.

١٣. ئەو چارچە زەویەی کە تەرخان دەکرێت شیاو بێت بۆ ئەم مەبەستە.

١٤. خزمەت کردنی باخ بە شێوەیکی زانستی و رێك بە تایبەتی لە رووی قەلاچۆکردنی مەگەز و نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بلآبونەوەی نەخۆشی بۆ پارچە باخی تر.

١٥. نابێت زەویەکە بە کار بێت جگە لە مەبەستی دروست کردنی باخ.

١٦. پێویستە سەرپەرشتیکردنی باخ لە لایەن ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت و بۆ ئەم مەبەستە رێنمایی بە هەماهەنگی رێکخراوەکانی ئەندازیارانی کشتوکاڵی.

١٧. بەرێوەبەرایەتی رەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگاکان لیژنەیێك رێك بخات بۆ بە دواداچونەوەی باخەکان بە مەبەستی زانینی پابەند بونی ئەم باخانە بە رێنماییە فەرمیەکانی لە دوا رۆژ.

١٨. هەر سەرپێچی کردنێك لە لایەن خاوەن باخ لەم مەرجانەی بۆی دیار کراوە ، مۆڵەتەکەی لیَ دەسێنرێت.

١٩. کەلیشەی مۆڵەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت کەلەگەڵ ئەم رێنماییانە هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیـــــری کشتوکـــــاڵ**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی كشتوكاڵ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی
ژمـــارە : ٣٢٠٤/١
ڕێكەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣

# ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٧
# بە مۆڵەت دانی نەمامگە

## « ڕێنمایی بۆ مۆڵەت دانی نەمامگە »

بۆ زیاد كردنی بەرهەم هێنانی نەمامی مێوەی جۆراو جور و گوڵ و رووەكی كێڵگەیی كەرتی تایبەت لەم بوارە و هێنانی نەمام لە دەرەوەی سنوور وە پشت بە بریاری ژمارە (٤٥٥) لە ڕێكەوتی ١٩٨٣/٤/١٨ بریارمان دا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بۆ مۆڵەت پێ دان :

١. پێویستە داواكاری پێشكەش بكرێت بە ڕێگای لقی رەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەكە ، ئینجا بەرز بكرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگا كە دەست دەكرێت بە هەنگاوەكانی مۆڵەت پیێ دان.
٢. مۆڵەت دان بە دروست كردنی نەمامگە لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت كە مافی بە كارهێنانی هاوولاتیانی لە سەرە، وە ئەگەر زەویەكی(مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێكدا، ئەوا پێویستە رەزامەندی هەموو هاوبەشەكانی لە سەر هەبێت ، یان خاوەن داواكار گریێ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مۆڵەت دەدرێت بۆ دروست كردنی نەمامگەی مێوە وسەوزەوات و بەرهەم هێنانی گوڵ بە مەرجێك زەویەكە لە (٥)پێنج دۆنم كەمتر نەبێت.
٤. پێویستە خاوەن نەمامگە ئاگاداری فەرمانگەی پەیوەندار بكات لە كاتی گواستنەوەی نەمامگەكەی.
٥. ئەو جۆرە دارانە و توخمەكانیان و بنەرتەكانیان (الاصول) كە بەرهەم دێت لە نەمامگە پێویستە لە (مواصفات) ی زۆر چاك بێت و تووشی نەخۆشی و مەگەز نەبوبێت لە كاتی فرۆشتنی.
٦. خاوەن نەمامگە پێویستە نەمامی تووش بوو بە نەخۆشی و مەگەز بفەوتێنێت.
٧. شوێنی نەمامگە و زەویەكە شیاو بێت بۆ مەبەستی دروست كردنی نەمامگە.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٨. بۆ هێنانی نەمام لە دەرەوە یان فرۆشتنی نەمامی هاوردە پێویستە خاوەن نەمامگە پابەند بێت بە ڕێنمایی یەکانی (حجزالزراعی).

٩. پێویستە خاوەن نەمامگە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە سەر ئەو نەمامانەی کە دەیان فرۆشێت.

١٠. پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ ( **بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەری ودارستان وپاوان** ) وەربگێرێت بۆ هێنانی ویان بردنی نەمام بۆ دەرەوەی سنوور.

١١. لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕەزگەری و دارستان وپاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام، دوانیان شارەزا لە بواری ڕەزگەری و سێ هەمیان پێوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە نەمامگەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت .وهەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆڕدرێت.

١٢. بۆ مۆلەت دان پێویستە لیژنەکە گشت کاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشکنێنی زەویەکە و وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا وڕێگاوبان وشوێنەوار.

١٣. ڕەسمی پشکنێنی زەوی وبەخشینی مۆلەت ونوێ کردنەوەی ، بە پێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

١٤. داواکاری گرێ بەستی نوێ یان (سند ملکیه) ی نوێ پێش کەش بکات وە ئەگەر زەویەکە بە بڕیاری دابەش بوون بوو دەبێ بڕیارەکە پەسند کرابێت.

١٥. پێویستە سەرپەرشتی کردنی نەمامگە لە لایەن ئەندازیاری کشتوکالی بێت وبۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی تایبەت دەدەین بە هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی ئەندازیارانی کشتوکالی.

١٦. ڕێکخستنی نەخشە بۆ نەمامگە.

١٧. خزمەت کردنی نەمامگە بە شێوەێکی زانستی و ڕێك بکرێت بە تایبەتی لە ڕووی قەلاچۆکردنی مەگەزو نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بلاوبونەوەی نەخۆشی بۆ پارچەباخی تر.

١٨. نابێت زەویەکە بەکار بێت جگە لە مەبەستی دروست کردنی نەمامگە و بە پێچەوانە مۆلەتی لێ دەسێندرێتەوە.

١٩. کەلیشەی مۆلەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت کە لەگەڵ ئەم ڕێنماییان هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**

**وەزیـــــری کشتوکـــــال**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**ژمارە : ٣٩٧٨**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/١٧**

# بریار

بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە و پالپشت بە مادەی (٦) لە یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩) لە سالی (١٩٦٩) بریارمان دا بە

**پـچراندنی هـەردوو گـوندی ﴿ گـوێزان و داراسـلام ﴾ لـە سنـوری نـاحیـەی سمێلان و بەستـنـەوەیـان بـە سنووری نـاحیـەی گـەلاڵـە. لـە ڕۆژی دەرچـونی ئـەم بریـارە.**

**کریم سنجاری**
**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة إلاقليم
الرئيس

## قانون وزارة الأعمار والإسكان لإقليم كوردستان ـ العراق

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٣) و المنعقدة في ١٩ /١٢ /٢٠٠٦ قررنا إصدار :

## قانون رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٦
## قانون وزارة الإعمار و الإسكان لإقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الاولى:**

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

**أولاً: الأقليم** : اقليم كوردستان العراق

**ثانياً: مجلس الوزراء**: مجلس الوزراء لأقليم كوردستان – العراق.

**ثالثاً: الوزارة**: وزارة الاعمار والاسكان.

**رابعاً: الوزير**: وزير الاعمار والاسكان للأقليم.

**خامساً: الوكيل**: وكيل الوزارة للاعمار والاسكان.

### مهام الوزارة

**المادة الثانية:**

**تتولى الوزارة المهام التالية:**

**أولاً:–** إقتراح الخطط العامة لسياسة الاعمار والاسكان في الاقليم في مجالات الاسكان والمباني والطرق، بما في ذلك ( طرق المرور السريع) والجسور والانفاق والمطارات والسكك الحديدية لمعالجة أزمة السكن وبناء شبكة الطرق الحديثة بجميع انواعها و محلقاتها.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً:**– القيام بالدراسات الخاصة ضمن مجال قطاع الوزارة ودراسة الجدوى الفنية والاقتصادية للمشاريع التي يتم إقتراحها ضمن خطة الوزارة.

**ثالثاً:**– وضع التصاميم ومناهج العمل للخطط المصدقة للمشاريع الموكلة إليها و تنفيذ المشاريع المتعلقة بها تنفيذاً مباشراً من قبل تشكيلات الوزارة أو إحالتها الى مقاولين أو إستشاريين.

**رابعاً:**– المساهمة في إعداد المواصفات الفنية وفق ظروف الاقليم.

**خامساً:**– تنفيذ السياسة المقررة للوزارة وإقتراح الخطة ( السنوية والمرحلية والبعيدة المدى) اللازمة لتنفيذها.

**سادساً:**– تنفيذ المشاريع الموكلة إليها من جهات أخرى خلال تشكيلاتها التنفيذية والتصميمية أو عن طريق الشركات المختصة في القطاع الخاص.

**سابعاً:**– القيام بصيانة الطرق العامة بما في ذلك طرق المرور السريع الواقعة خارج حدود البلديات و صيانة وتشغيل الجسور ومحطات الاوزان المحورية والمعابر مع تأثيثها والحفاظ على محرماتها بموجب قانون محرمات الطرق.

**ثامناً:**– القيام بدراسة وتقييم خطط المستثمرين الخاصة بالاعمار والاسكان في الاقليم ضمن اختصاص الوزارة.

**تاسعاً:**– الاهتمام بتطوير وإعمار قرى كوردستان.

## تشكيلات الوزارة

### المادة الثالثة:

**تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:**

**اولاً: الوزير:** هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

**ثانياً:**

١– وكيل الوزارة للإعمار والإسكان.

٢– وكيل الوزارة للطرق والجسور.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

يساعدان الوزير في توجية الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن إختصاصهما والصلاحيات التي توكل اليهما من قبل الوزير على ان يكونا حاصلين على شهادة جامعية اولية إختصاصية.

**ثالثاً: مكتب الوزير:** يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين.

**رابعاً: مكتب وكيل الوزارة:** يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية و يعاونه عدد من الموظفين.

**خامساً: المستشارون:** لايزيد عددهم عن أربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

**سادساً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية:** يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

**سابعاً: المديرية العامة للشؤون الفنية:** يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

**ثامناً: المديرية العامة للطرق والاعمار والاسكان في محافظات الإقليم:** يرأس كل منها و يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية إختصاصية و من ذوي الخبرة وتتولى الإشراف على تنفيذ مشاريع الإسكان والمباني و الطرق في المحافظة و ترتبط بها مديريات الطرق والإعمار والإسكان في حدود كل محافظة من تلك المحافظات.

**المادة الرابعة:**

**اولاً:- يكون للوزارة مجلس إستشاري يتألف من:-**

١- الوزير /رئيسا

٢- وكيل الوزارة / عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

٣- المستشارون في الوزارة /اعضاء.

٤- المدراء العامين في الوزارة /اعضاء.

٥- اي خبير أختصاصي يختاره الوزير مناسبا من داخل الوزارة او خارجها /عضوا.

**ثانياً:-** يتولى المجلس تقديم الإستشارات والتوصيات الى الوزير وتكتسب صفة القرار الوزاري إذا نال تصديقه.

**المادة الخامسة:**

**اولاً:-** يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً**:ـ للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.

**المادة السادسة:**

للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة و الاختصاص داخل الاقليم او خارجه للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة، وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة، وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**المادة السابعة:**

يلغى قانون رقم (٢٥) لسنة ٢٠٠٤ قانون وزارة الاعمار والاسكان الصادر عن المجس الوطني لكوردستان ـ العراق و قانون مجلس الوزراء رقم (٢٤٢) في ( ١٩٩٩/٩/٤ ) الصادر عن ادارة السليمانية و يحل محلهما هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

هـــــەولێر
٧/بەفرانبار/٢٧٠٦ كوردية
٢٠٠٦/١٢/٢٨ ميلادية
٨/ذو الحجة / ١٤٢٧ هجرية

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## الأسباب الموجبة

بغية تقديم افضل الخدمات لأعـمار الاقليم في مجـالات الاسـكان و المباني والطرق والجسـور و الانـفاق والمطارات والسكك الحديدية و بهدف زيادة الانتاج والانتاجية و رفع مستوى الأداء و تحقيق الأستخدام الأمثل للموارد الأقتصادية والبشرية و ازالة الحلقات غير الضرورية بين الوزارة و التشكيلات التابعة لها في اتخاذ القرارات و وضع خطة العمل و مراقبتها شرع هذا القانون.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**القرار رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة ( **الأولى** ) من المادة ( **العاشرة** ) لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٤) و المنعقدة في ٢٧ /١٢ /٢٠٠٦ قررنا إصدار :

# قانون رقم (١٩ ) لسنة ٢٠٠٦
# قانون وزارة شؤون مناطق خارج اقليم كوردستان

**المادة الاولى:**

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

**أولاً**: الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً**: الوزارة : وزارة شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان.

**ثالثاً**: الوزير : وزير شؤون المناطق خارج اقليم كوردستان.

**رابعاً**: وكيل الوزارة : وكيل وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

**خامساً**:المناطق المقتطعة من كوردستان: جميع المناطق التي تعرضت الى الصهر القومي وسياسة التعريب والترحيل القسري وتغيير الهوية القومية وبسببها اقتطعت عن كوردستان.

**( مهام الوزارة )**

**المادة الثانية:**

تتولى الوزارة المهام التالية:ـ

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**أولاً**:العمل على إعادة ربط المناطق المقتطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقيةلتطبيق احكام المادة (١٤٠)من الدستور الاتحادي.

**ثانياً**:التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لاعادة رسم الحدود الادارية للاقليم.

**ثالثاً**:التنسيق والتعاون مع الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في الاقاليم في العراق الفيدرالي في المجالات التي يحددها مجلس الوزراء.

**رابعاً**: تشجيع وتطوير العلاقات الثقافية والاجتماعية الانمائية بين الاقليم والاقاليم الاخرى والمحافظات غير المنتظمة في الاقاليم.

**خامساً**:تنظيم ومتابعة امور المهجرين والمرحلين.

**سادساً**:العمل والتعاون مع الوزارات ذات العلاقة لاعمار وتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم ومتابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها.

## تشكيلات الوزارة

### المادة الثالثة:

**أولاً**:الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

**ثانياً**:وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير.

**ثالثاً**:مكتب الوزير:يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

**رابعاً**:مكتب وكيل الوزارة:يراسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

**خامساً**:المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية ولهم خبرة وممارسة.

### المادة الرابعة:

تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:ـ

**أولاً**– المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية.

**ثانياً**– المديرية العامة لشؤون المهجرين والمرحلين.

**ثالثاً**– المديرية العامة للعلاقات والتنيسق.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**رابعاً**– المديرية العامة للمناطق المقتطعة من الاقليم.

**المادة الخامسة:**

**أولاً**– يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً** – للوزير استحداث أودمج أوإلغاء أي من المديريات أوالاقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

**ثالثاً**– للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**

**رئيس إقليم كوردستان ـ العراق**

هـــەولێر

١٤/بەفرانبار/٢٧٠٦ كوردية

٢٠٠٧/٠١/٠٤ ميلادية

١٤/ذو الحجة / ١٤٢٧ هجرية

## الأسباب الموجبة

لما كان النظام السابق قد فصل الكثير من المناطق من حدود كوردستان الادارية وقام بتغيير هويتها دون مسوغ قانوني وقد كفل دستور جمهورية العراق الفدرالي معالجة الموضوع وضمن حق شعب كوردستان على اراضيه المقتطعة حيث اوجب قيام السلطة التنفيذية في الحكومة الفدرالية اتخاذ الخطوات اللازمة لتنفيذ متطلبات المادة(١٤٠) من الدستور الاتحادي ولما كانت المسؤولية الملقاة على عاتق السلطة التنفيذية المنصوص عليها في المادة المذكورة هي انجازها بصورة كاملة (التطبيع والاحصاء وتنتهي بالاستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المقتطعة) لتحديد ارادة مواطنيها في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنة ٢٠٠٧ ،ولما كان برنامج الحكومة الفدرالية قد وضع خارطة الطريق لحل المشكلات المتعلقة بشؤون المناطق خارج الاقليم ولغرض ضمان حقوق اقليم كوردستان على اراضيه واعادة المناطق المقتطعة والخارجة عن تلك الحدود فقد شرع هذا القانون .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

## القرار رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون وزارة السياحة في اقليم كوردستان

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٤) و المنعقدة في ٢٧ /١٢ /٢٠٠٦ قررنا إصدار :

# قانون رقم (٢٠ ) لسنة ٢٠٠٦
# قانون وزارة السياحة في أقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الاولى:**

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

**أولاً**: الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً**: الوزارة : وزارة السياحة.

**ثالثاً**: الوزير : وزير السياحة.

**رابعاً**: وكيل الوزارة : وكيل وزارة السياحة.

**خامساً**:المجلس : المجلس الاستشاري لوزارة السياحة.

**سادساً**:الغرض السياحي : ويقصد به الراحة والاستجمام والرياضة والسباحة والتسلية والصيد وزيارة الاماكن التاريخية والاثرية المناظر الطبيعية والحدائق والمتنزهات والتسوق والانشطة الترفيهية الاخرى واي غرض آخر يحقق الجذب السياحي.

**سابعاً**:المرفق السياحي : ويقصد به أي نشاط له صلة بالغرض السياحي كالفنادق والمطاعم والكازينوهات والمنتجعات والمخيمات والمحلات المعدة لتحقيق الاغراض السياحية.

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان

**ثامناً**:المنطقة السياحية : ويراد بها أي مكان مؤهل لممارسة النشاط السياحي ويتحقق فيه الغرض السياحي او يصلح له.

www.mojkurdistan.com

## مهام الوزارة

**المادة الثانية:**

تمارس الوزارة مهام التخطيط ومتابعة الحركة السياحية ومناطق الاصطياف ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم وتتبع الوسائل التالية لتحقيق اهدافها:

**أولاً**:استغلال وتطوير واستثمار الطاقات السياحية والمصادر الطبيعية والمناطق الاثرية والتاريخية والمزارات الدينية بما يخدم الاغراض السياحية ، بالتنسيق مع الجهات المعنية بذلك .

**ثانياً**:تشجيع اقامة المدن والمجمعات السياحية والمنتجعات والفنادق والدور السياحية.

**ثالثاً**:تشييد وتأجير واستئجار المطاعم والكازينوهات والمقاهي ومحلات التسلية والمتنزهات والمسابح الاصطناعية والطبيعية ومحلات التزحلق والتزلج وغيرها.

**رابعاً**:التعاون مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية وتقديم كافة التسهيلات الممكنة لها لخلق حركة سياحية واسعة.

**خامساً**:الموافقة على منح الاجازات للشركات والمكاتب ووكالات السفر والسياحة الداخلية وتشجيع السفرات السياحية.

**سادساً**:تقديم الخدمات الصيرفية الضرورية في المناطق والمنشآت السياحية وبالتنسيق والاتفاق مع الجهات ذات العلاقة.

**سابعاً**:التعاقد مع الهيئات والشركات والافراد داخل الاقليم وخارجه بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**ثامناً**: التنسيق مع الوزارات والجهات المختصة في مجالات السياحة.

**تاسعاً**: التعاون والتنسيق مع هيئة الاستثمار في الاقليم لجذب المستثمرين الى داخل الاقليم ضمن الخطط والقوانين المسنة لهذا الغرض.

## تشكيلات الوزارة

**المادة الثالثة:**

**أولاً**:تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية:

أ- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

ب–وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية اختصاصية.

ج– مكتب الوزير:يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

د– مكتب وكيل الوزارة:يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

هـ–المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية ولهم خبرة وممارسة.

و– المديرية العامة للادارة والمالية: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ز– المديرية العامة للاثار: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرةوالاختصاص.

**ثانياً**: تشكل في كل محافظة من محافظات الاقليم مديرية عامة للسياحة يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**ثالثاً**:

أ– المجلس الاستشاري للوزارة ويتألف من:

١– الوزير : رئيساً.

٢– وكيل الوزارة : عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

٣– المدراء العامين : أعضاء.

٤– المستشارون والخبراء : على أن لا يزيد عددهم عن ثلاثة وأن يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

ب– يعقد المجلس اجتماعاته بدعوة من الوزير كلما دعت الحاجة الى ذلك.

ج– يختص المجلس بتقديم التوصيات الى الوزير وتكتسب التوجيه صفة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.

**المادة الرابعة:**

**أولاً**: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً**: للوزير أستحداث أو دمج أو إلغاء أي من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الإقتضاء.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة:**

**اولاً**:يلغى قانون المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان رقم ٣٩ لسنة ٢٠٠٤ الصادر من المجلس الوطني الكوردستاني ـ العراق.

**ثانياً**:تؤول كافة حقوق وامتيازات المؤسسة العامة للسياحة في ادارتـي الـسليمانية واربيـل الى وزارة السياحة في الاقليم.

**المادة السادسة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**
**رئيـــس اقليم كوردستان ـ العراق**

هــــولير
١٤/ بەفرانبار/ ٢٧٠٦ كوردية
٢٠٠٧/٠١/٠٤ ميلادية
١٤/ ذو الحجة / ١٤٢٧ هجرية

ئــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## الاسباب الموجبة

بما أن اقليم كوردستان ـ العراق ذات طبيعة سياحية من حيث المصايف والمرافق السياحية والمواقع الاثرية والدينية المختلفة وحيث ان للسياحة من اهمية بالغة لكونه مصدراً رئيسياً من المصادر الثروة الوطنية ووسيلة فعالة لتعريف العالم بتراث وحضارة شعب كوردستان ولغرض تشجيع الحركة السياحية وجذب السياح عن طريق اقامة المرافق السياحية الحديثة والعصرية ولاستحداث وزارة في الاقليم لتتولى تحقيق مهامها واهدافها وبيان تشكيلاتها وصلاحياتها فقد شرع هذا القانون.

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com